# ژن و ژیان

باوکی دانا

منیش  دەگریم بۆ گریانت
بۆ فرمیسکی چاوەکانت
هەستەکانم تەقیسماون
بە بینینی چاوەکانت
روحم دیتە دەری هەناسەم سوار دەبێ
کە بەغەمباری دەتبینم
من و توو مرۆڤین
تۆ گۆشت و ئیسک وروحی منی
لە جوانترین شێوە دروست کراوی
ناسک ترین روحی سەرزەویت
تۆ چاوی تۆ ژیانی تۆ مرۆڤی ئینسانی
بی تۆ ئەم ژینە ۆیرانە
تۆ ناوت ئافرەتە یا ژیان
من دەڵیم ژیان و هەستەکان
یەکەم خۆشەویستی ژیانی
لە شەودا ڕوناکی دەبەخشی
لە ڕۆژدا جوانی دەبەخشی
لە ماڵدا چرای
لە سەیراندا ڕەنگ ۆ دەنگی
تۆ زەردو سورو سپی وسەوزی
تۆ ئاوریشمی
قوتابخانەی نەوەکانی
فریشتەی جوانی کورپەکانی
کچی یا ژنی هەردوو هەر دوو یەک مرۆڤە
زەعیفە نیت تۆ بە هیزێ
کێ دەتوانی وەسفی تۆ بکا
بێ لەوەی رۆحی بە تۆدا
کێ دەتوانی ئەو دونیا گرێدا بی تۆ
هەمۆ کۆمەڵیش بەیەک بناسینێ بێ تۆ
کێ وولات و کۆمەڵ ئاوەدان دەکا بێ تۆ
ئەی کێ منو تۆ بەیەک دەناسێنێ بێ تۆ
هەر تۆ خۆشەویستی دەبەخشێ بە دونیا
تۆ نەبویتایە منیش نابووم
ئادەمیش بە تەنها دەبۆ

**ئێوە هەمۆ خۆتان مافن ماف دەبەخشن**
**کێ دەتوانی وەکۆ ئێوە بەخشینەر بێ**
**رۆح و هەست و خۆشەویستی**
**چی ئینسانی لە ئاست ئێوە هەستی دەمری**
**کێ دەتوانی بی خۆشەویستی بەهەشت بژێ**

**2003..21.9**